# 31

# پایەی دووەمی ئیسلام
# لەژێر تیشکی ئیعجازی زانستیدا

نوێژ پاكژیەكی هەیە، دەست نوێژێكی هەیە، سەرەتا لە حیكمەتی دەست نوێژەوە دەست پێ ئەكەین انشاءالله..

ئیسلام ووشەی (الطهارە)ی بەكارهێناوە وەك زاراوەیەك واتە (پاكژی) پاكژی دلْ و دەرون لەهەموو گومانێكو لەهەموو ترسێكو هەموو دلەڕاوكێیەك و هەموو ئالۆزیەك دەروون پاك بێتەوە لەوانە عەقلْ پاك بێتەوە لەهەموو خورافات و ئەفسانەیەك وە لەش پاك بێتەوەو جلوبەرگ و هەروەها پاكژی ژیانی كۆمەڵایەتی، پاكژی كومەلگا لەهەموو ئافاتێكی ماددیو ڕەوشتی ئەو پاك و تەمیزیە ئەو دەست نوێژ هەلگرتنە ئیسلام وا تەماشای ئەكات وەك فەرزێك بەبێ ئەو دەست نویژە نوێژەكە نابەسترێ قبولْ ناكرێ وەرناگیرێ ئەو طهارەیەی نزیكەی (٣)جارلەقورئانی پیرۆزدا ناوی هاتووە بە مشتەقاتیەوە، لە فەرموودەی پێغەمبەردا هاتووە (صلى الله علیەوسلم) (الطهورشطرالایمان)[1] ئەو پاكژیەو ئەو دەست نوێژە نیوەی ئیمانە لەئامۆژگاریەكی پێغەمبەردا بۆ ئەنەسی كوری مالك ئەفەرموێ: یابنی ان أستطعت أن لاتزال على طهارة فأفعل فأنه من أتاه الموت وهو على وضوء أعطي الشهادة أو كما قال.

---

([1]) صحيح مسلم / كتاب الطهارة / رقم / (٣٢٨) عن أبي مالك الأشعري.

واتە: کوڕی شیرینم ئەگەر ئەتوانی هەمیشە بادەست نوێژت هەبێ چونکە ئەوکەسەی کەمردن یەخەی پێئەگرێو لەسەر دەست نوێژبێ ئەوا پلەی شەهیدی پێ ئەدرێ، ئایا چ دینێك ئەوەندە داکۆکی ئەکات لەسەر پاکژی وپاك و خاوێنی(گلاسکۆ) پزیشکێکی سکۆتلەندیە کەلەجەنگی جیهانی دوەمدا بەشداری کردوو لەسوپای بەریتانی لە هیندستاندا، ئەڵێ: هیچ جارێك سەربازێکی موسڵمانی هیندی دووچاری ئەو نەخۆشیە نەبووە کە پێی ئەڵێن (پلۆراتسی ئەنای) واتە ئەو ئلتهابو ئەو خوراندنەی دەوری کۆم ئەگرێ هەمیشە هندۆسەکان و سیخەکان دووچاری ئەبوون. لەبەرئەوەی موسڵمانان ئاوبەکارئەهێنن، تارەت ئەگرن دووچاری ئەو نەخۆشیە نابن. ئیسلام ئاینی پاك و پاکژیە، وە پاش ئەو ئامادەبوونە دیینەسەر دەست نویژ کە دەموودان ئەگریتەوە پیغەمبەر(صلی الله علیەوسلم) لەفەرموودەیەکا ئەفەرمووی (لو لا أن أشق على أمتي لأمرتهم بالسواك مع كل الصلاة)[٢]، واتە: ئەگەر نارەحەت نەبوایە لەسەر ئوممەتەکەم ئەمرم پێئەکردن کەسیواك بەکاربهیننلەگەل هەموو نویژیکدا،لە فەرموودەیەکی تردا ئەفەرمویت (السواك) (مطهرة للفم مرضاة للرب)[٣] لە روانگەی زانستەوە پرسیاری بکەین، ئایا ئەم سیواك کردنەی پیغەمبەر (صلی الله علیەوسلم)کردوویەتیو ئەو داری(آراك)ەی پێی ئەوتری (مسواك) بەهایەکی زانستیهەیە، ئایا زانستی نوی ئەلی چی سەبارەت بەئەم مسواکە؟ لە کتیبی (السواك و العنايه بالاسنان) (د.عبدالله عبدالرزاق سعيد)لە لـ (٤٥–٥٢) باسی سیواك ئەکات لەروانگەی نۆژداریەوە (طب) ئەلی: ماددەی (تانیك ئەسیك) واتە: (ترشەلۆکی تانیك) ئەم ترشەلۆکی تانیکە بەکتریای زیان بەخشی دەموددان لەناو ئەبات، پاکژکەرەوەیە دژبە نەزیف کار دەکات وە دژبە سك چوونیش بەکاردیت.

دکتۆر عبدالحميد القضاة لەزانکۆی کەراچی هەستا بەلیکۆلینەوەیەك دەربارەی سیواك سەلماندی کەسیواك پینج جۆر لەبەکتریای زیان بەخشی ناو دەم لەناو ئەبات، دکتۆر (غافر العطار) هەستا بەلیکۆلینەوەیەك لەم بارەیەوە ئەلیت: تالەکانی سیواك (Na Co 3)تیایە واتە: (کاربۆناتی سۆدیۆم)ی تیایە کاربۆناتی سۆدیۆم گرنگترین کەرەستەیە کە ئەبی لەگیراوەی پاکژکردنەوەی داندا هەبیت.. لەوانەیە هەبیت بلی ئەمە رای دکتۆرە موسلمانەکانە، بەلاّم دکتۆری تریش هەیە وەکو دکتۆر (کنت کندیل) کە موسولمان نیە ئەلی: سیواك ماددەیەکی تیایە دژبە کلۆر بوون. پرۆفیسۆریکی ترناوی (رۆدات)ە بەریوبەری پەیمانگایەکی ئەلمانیە

---

(٢) رواه الشيخان ، هەروەها سنن الدرامي / كتاب الطهارة / ٦٨٠.

(٣) صحيح البخاري / كتاب الصوم. سنن النسائي / كتاب الطهارة / رقم (٥) عن عائشة . مسند أحمد / رقم (٢٣٧٧٨).

کەسەر بە زانکۆی ڕۆستۆدە لە توێژینەوەیەکدا ئەڵێ: سیواك دەوری پەنسلین ی هەیە بۆ قەڵاچۆکردنو نەهێشتنی زیاد بوونی میکرۆب.
بیینە سەر بەشیکیتر لەدەست نویژ کەبریتیە لەپاك کردنەوەی لوت، کۆمەلیك لەپزیشکانی زانکۆی (الاسكندرية)ی مصر بەهاوکاری لەگەل کۆری تویژینەوەی زانستی (مجمع البحوث العلمية) کەسەر بە (أكاديمية البحوث العلمية و التكنلوجية)ی میصریە ئەم دوو تیمەهەستان بەتۆیژینەوەیەك بۆ سەقفی لوتی ئەوکەسانەی کە دەست نویژ هەل ئەگرن، وەئەو کەسانەی کەدەست نویژ هەلناگرن واتە: بەراووورد کردنیکە لەنیوان لوتی ئەو کەسانەی کەنویژئەکەن وە ئەوکەسانەی کەنویژناکەن، لەئەنجامی ئەو لیکۆلینەوەیەدا دەرکەوت ئەو کەسانەی کە دەست نویژناشۆن هەمیشە سەقفی لوتیان لەدیوی ناوەوە مەیلەو رەشە، وەمووەکانی ئەوکەنالە داپۆشراوە بەجۆرە کریشیك وەك تەپوتۆز وە بەئاسانی ئەو مووانە دەوەرین بەپیچەوانەی ئەوکەسانەی هەلدەستن بەدەست نویژگرتن سەقفی لوتیان کالە مووەکانی لوتیان بەمیکرۆسکۆب تەماشا ئەکری ئەبریسکیتەوە، وە هیچ جۆرە تەپوتۆزیكو کریشیکی پیوە نیە لەئەنجامی ئەوەیکە ئاوی بەرئەکەوی رۆژی پینج جار.
هەر لە هەمان لیکۆلینەوەدا نموونە وەرگیراوە لەلوتی ئەوجۆرە کەسانەوە لەهەردوولا ئەوانەی نویژ ئەکەنو ئەوانەی کە نویژناکەن، دەرکەوت ئەوانەی کەنویژناکەن چەندین جۆر میکرۆبات والەلوتیاندا، بەلام ئەوانەی کەدەست نویژهەلدەگرن دەست نویژی ریكوپیك وەك سونەتی پیغەمبەر (صلى الله عليەوسلم)داکۆکی لەسەر ئەکات (استنشاق)ی تیایە (استنفاری)ی تیایە ئەو ئاوە هەل دەمژریت پاشان فم ئەکریتەوەسیجار لەگەل هەموو دەست نویژیکدا ریگەنادات بەمیکرۆبات کە زیاد بکەنوجینشین بن لەلوتدا، بەپیچەوانەی نویژکەرەکان ئەوانەی کەنویژناکەن چەندین جۆرە میکرۆبات والەلوتیاندا. بیینەسەر ئەم دەست نویژە لەرۆژی قیامەتدا، ئەصحابەکان عەرزی پیغەمبەریان کرد(صلى الله عليەوسلم)یارسول الله لەناو ئەوقەرەبالەغیەدا چۆن ئەمانناسیتەوە فەرمووی: بەنوری دەست نویژ ئەتان دۆزمەوە.
جائیمە لیرەدا پرسیاریك ئەکەین ئەو کەسانەی پەنابەخوا باوەریان بەنویژ نیە ئایا چۆن ئەیسەلمینن لەئوممەتی پیغەمبەردان؟ یەکەم بەلگەو یەکەم شوناس بۆ ئەم ئوممەتە پاش شایەتومان نویژە، نویژ موسولمان جیا ئەکاتەوە لەگەل بیباوەر، جائەوکەسانەی کەنویژ ناکەن چ بەلگەیەکمان پییە لە ئوممەتی پیغەمبەردان (صلى الله عليەوسلم)..
بیینە سەر لایەنیکی دەروونی د.محمد یوسف خلیل کە راویژکاری نەخۆشیە دەروونیەکانە (سەرچاوەی ئەم باسانە ئەم کتیبەیە (الاستشفاء بالصلاة دراسةحول الفوائد الصحية للصلاة على ضوء العلم الحديث) ئەم کتیبە هەمووی بۆچوونی نویە، تۆژینەوەی نویە،

هی زانکۆکانی جیهان، دەستەی ئیعجازی زانستی لە مەککەی پیرۆزکۆی کردۆتەوە، ئەم پرۆفیسۆرە باسی خشوع ئەکات لەنوێژدا کەئاڵۆزیوگرژی دەروونی لائەبات دڵەڕاوکێی دەمار لائەبات، بەتاقیکردنەوە گەیشتونەتە ئەم ئاکامانە، شێوازێکی نوێ هەیە پێی ئەوترێ (تهدئة التوتر بتغير الحركة) بەگۆڕانکاری لەجموجۆڵدا دڵەڕاوکێ ناهێڵن، خوای گەورە لە قورئاندا ئەفەرموێ: (قد أفلح المؤمنون الذين هم في صلاتهم خاشعون)[٤] سەربەرزی وسەرفرازیو سەرکەوتویی بۆ ئەو جۆرە ئیماندارانەیە کەلەنوێژدا مل کەچیوخشوعیان هەیە، وەلە ئایەتێکی تردا، (ألابذكر الله تطمئن القلوب)[٥] وە پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)ئەفەرموێ (أرحنا بها يابلال)[٦] بلال باپشوو بدەین بادەست کەین بەنوێژ (يابلال أقم الصلاة أرحنا) نوێژەکە بەرپاکەباپشوو بدەین با ڕۆحو دەرونمان پشوو بدات. جا ئەمڕۆ جۆرە ڕاهێنانێك هەیە ڕاهێنانی (استرخاء)ی پێ ئەڵێن، مەبەست لەوەیە کەئەوکەسە دوورخاتەوە بۆ چەند ساتێك لەو واقعەدژوار و جەنجاڵەی کەتیادا دەژی، لەدەنگەدەنگو هەڵسوکەوت و ئەو پەیوەندیانەی کەهەیەتی بیچڕێو پیاچوونەوەیەکی خۆی بکات حاڵەتێکی دوورەپەرێزیو تەنهایی دابڕانی دەروونی بۆ دروست بێت... بەوە ئەو نارەحەتەییە دەروونی‌یەی کەم ئەبێتەوە، لەسەرەوەی ئەم هەموو ڕاهێنانە نوێژە ئەگەر ئێمە مەرجەکانی جێبەجێ بکەین، خشتەیەك هەیە ئەم نەخشەیە پێی ئەووترێت (خشتەی کارۆثیر) زانایەکە هەستاوەبە لێکۆڵینەوەیەکی قوڵ. دەربارەی ئەو فاکتەرانەی کار ئەکەنە دەروونی مرۆڤ، جاله حاڵەتی ماندووبوندا وەلە حاڵەتی پشوداندا، ئەو ڕاهێنانی پشووی بۆ داناوە لەخشتەکەدا نووسراوە (مثل مايحدث من الصلاة)وەکو ئەوەی لەنوێژدا ئەکرێ، ئەبینی هۆڕمۆناتی (تیستۆستیرۆن) لەگەڵ ئەنسۆلین لەکاتی ماندووبوندا کەم ئەبێتەوە، بەڵام لەکاتی خشوعی نوێژدا زیاد ئەبێ.

ئەگەر تەماشاکەین (تخثر الدم)واتە: خەست بوونەوەی خوێن ئەو خەست بوونەوەیە زیاد ئەکات لەکاتی ماندوویەتیا بەڵام لەکاتی نوێژدا کەم ئەبێتەوە، ئەو هۆڕمۆناتانەی کە پەیوەندی بەمێشکەوە هەیە کەم ئەبێتەوە، لە کاتی نوێژدا ڕژێنی دەردراو کەم ئەبێتەوە، ترپەی دڵ کەم ئەبێتەوە، پاڵەپەستۆی خوێن کەم ئەبێتەوە. ئەو دیاردانەی کەلەتخطيطی دڵدا دەرئەکەوێ بەهۆی کەم وەرگرتنی ($O_2$)بۆ دڵ لەکاتی نوێژدا کەم ئەبنەوە... ئەمە لەو

---

([٤]) المؤمنون / ١ و ٢.

([٥]) الرعد / ٢٨.

([٦]) لە چەندین سەرچاوەدا هاتووە ، وەك: مجمع الزوائد / الجزء ١ / ص١٤٥، روي أبو داود والطبراني في الكبير. هەروەها: المجتمع الكبير / الجزء ٦ / ص٢٧٧. وە هەروەها: كشف الخفاء / الجزء ١ / ص١١٧، علل الدار قطني / الجزء ٤ / ص١٢١، نيل الاوطار / الجزء ٣ / ص٩٣.

جۆره نوێژانه‌یه كه‌ئیتر ئه‌ومسوڵمانه ئاگای له‌ده‌وروبه‌ری خۆی‌نی‌یه به‌ڵام تۆ فكرت لای دوكانه‌كه‌ی خۆت بێ فكرت لای مه‌نجه‌ڵه‌كه‌ت بێ، فكرت لای منداڵه‌كه‌ت بێ ئه‌وه پێی ناوترێت نوێژێكی ڕاسته‌قینه (لیس للمرءمن صلاته الا ما عقل)چه‌ند هۆشت لای نوێژه‌كه‌بوه ئه‌وه‌نده بۆت ئه‌نوسرێ.

به‌لام ئیمه ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌جی‌به‌جی‌بكه‌ین به‌ته‌واوه‌تی دووركه‌وینه‌وه له‌ده‌وروبه‌ر(الصلاة معراج المؤمن)بلندبیته‌وه ئه‌و رۆحه‌ت بروات په‌یوه‌ندی كه‌یت له‌گه‌ل جیهانی مه‌له‌كوتدا، بگه‌یته پله‌و پایه‌ی (احسان) په‌یوه‌ندی راسته‌وخۆ له‌گه‌ل خوای گه‌وره‌دا بكه‌یت، ئه‌و دل و ده‌روونه ئه‌م هه‌موو سوودانه‌ی پێ ده‌گات.

ئه‌و نویژه‌ی كه‌باسی ئه‌كه‌ین ئه‌ونویژه‌ی پیغه‌مبه‌ربیت (صلی الله علیه‌وسلم)خیزانه‌كانی ده‌یگیرنه‌وه قسه‌مان بۆ ده‌كرد قسه‌ی بۆ ده‌كردین، كاتی نویژ كه‌نزیك ده‌بووه‌وه (كأنه لایعرفنا ولانعرفه)وه‌ك نه‌مان ناسیت و نه‌شی ناسین. ئیمامی علی له‌یه‌كیك له غه‌زاكاندا ئه‌لین تیریك به‌رقاچی كه‌وتبوو له‌ترسی نه‌زیف و له‌ترسی ئازار نه‌یان ئه‌ویرا بۆی ده‌ربهینن به‌لام فرسه‌تیان هینا له‌كاتی نویژدا ئه‌وتیره‌یان ده‌رهینا له‌قاچی پیرۆزی وه بۆیان ته‌داوی‌كردو ئاگاشی له‌خۆی نه‌بوو، پاش نویژ ووتی ئه‌وه چی‌لی‌هات تیره‌كه عه‌رزیان كرد ده‌رمان هینا ! ! ئه‌وه‌یه نویژ ئه‌وه‌یه خشوع. ئیمام جه‌عفه‌ری صادق (ره‌حمه‌ت‌وره‌زای خوای‌له‌سه‌ر)له‌كاتی ده‌ست نویژ هه‌لگرتندا ره‌نگی زه‌رد هه‌لده‌گه‌را.

عه‌رزیان ئه‌كرد قوربان بۆچی‌وات لی‌دیت؟ ئه‌یفه‌رموو نازانن من ئه‌چم مقابله‌ی كی‌ئه‌كه‌م ..؟ ئیمامی بوخاری (ره‌حمه‌تی خوای لی بێ) كوره‌ی زه‌رده‌واله كه‌وت به‌سه‌ریا، پیوه‌ی‌ئه‌دا نویژه‌كه‌ی نه‌بری، ئیمام ئه‌بو حه‌نیفه ئیمام بوو موسلمانان له‌پشتی‌یه‌وه نویژیان ده‌كرد كتوپر له‌سه‌قفی مزگه‌وته‌كه‌وه ماریك كه‌وته خواره‌وه‌هه‌موو بلاوه‌یان لی‌كرد كاتیك ئه‌بو حه‌نیفه سه‌لام ئه‌داته‌وه ئه‌فه‌رمویت: ئه‌وه‌موسلمانان له‌كوین ئاگای له‌و هه‌موو هه‌را هه‌رایه‌و راكه‌راكه‌یه نه‌بووه ئه‌وه‌یه خشوعی نویژ! !

ئه‌گه‌ر به‌و جۆره نویژ بكه‌ین سووده‌كه‌ی ئابه‌و جۆره‌یه كه‌له‌و خشته‌یه‌دا هه‌بوو...

دووزانا له ئه‌مه‌ریكا هه‌ستان به‌لیكۆلینه‌وه‌یه‌ك بۆ ته‌رتیلی قورئان بۆ جۆره كه‌سانیك كه‌عه‌ره‌بی نازانن، كه‌مه‌عنای ووشه‌كان نازانن، یه‌كیكیان (د.احمد القاضی)بوو یه‌كیكیشیان (د.نجیب الرفاعی) بوو دوو لیكۆلینه‌وه‌ی جیاواز به‌(٢١٠) تاقی‌كردنه‌وه، وه(احمد القاضی ) گه‌یشته‌ئه‌وه‌ی كه خویندنه‌وه‌ی قورئانو ته‌رتیلی قورئان كاریكی ئیجابی هه‌یه بۆ هینانه خواره‌وه‌ی گرژیی‌و ئالۆزی ده‌روونی‌و دله‌راوكێی ده‌روونی به‌قورئان چاك ئه‌كری‌و كه‌م ئه‌كریته‌وه، د.الرفاعی هه‌ستابه به لیكۆلینه‌وه‌یه‌ك له‌سه‌ر ته‌رتیلی قورئان به‌شیوازیكی تر،

بیگومـان کارەباییـەك هەیـە لەمیشـکدا، جائەوکارەباییـیە ئەبەسـتن بـەو ماسـولکەیەی کـە لەنیوەراسـتی ناوچـەواندا هەیـە، فـەرقی کارەبایەکـە لەئامیرەکـەدا ئەخوینریتـەوە کـاتیکیش قورئانەکە دەخوینین بۆ ئەوەی کەلە ژیر تـاقی کردنەوەکەدایـە وورده وورده ئـەو کارەبایـیـە دائەبەزی بەهۆی قورئان خویندنەوە، بەلام ئەگەر ووشەی عەرەبی بلیت تەرتیبی بکـەیت واتـە ووشەی عەرەبی جگە لە قورئان بەتەرتیل بلییـت هیـچ دەوریکی نـیـە، هیـچ سـودیکی نـیـە تەنها قورئان نەبیت ئەمە ئیعجازیکی زانستیـیەو لەو تاقیکردنەوانەدا سەلمینراوە.

ئـەم پرۆفیسـۆرە، د. نجیـب الرفـاعی ئـەلی ئـەو شـەپۆلی بەخەبەربونەوەیـە لـەکاتی بیداریـیا لەمرۆڤدا هەیە لە تخطیطی میشکدا هەیە لەنیوان (١٣ – ٢٥) شەپۆل هەیە لەچرکەیەکدا، ئـەو کەسـە کـەدای ئـەنیت جیهازەکـەش ئیـش ئـەکات جیـهازی تخطيطـی میشـك کـەقورئانی بـۆ ئەخویننـەوە دائەبـەزی لـە(٨–١٨) بامەعناکەشـی نـەزانی .. ئەمــەی کەتاقیکردنــەوەکانیان لەسەر کراوە هی هەردوو پرۆفیسۆرەکە عەرەبیان نەهیناوە، کەسیکیان نەهیناوە کـە قورئـان تیبگات. تەنها تـەرتیلەکەی کار ئەکاتە سـەر ئـەو دەروونـەوە (٨–١٨) ئـەم جـۆرە شـەپۆلانە پیی ئەوتری (حالة الهدوء العميق داخل النفس)ئەو پـەری دل ئارامییەکـە ئـەگات بـە ئـەو کەسانە بەهۆی بیستنی تەرتیلی قورئانەوە... ئەبی بشزانین کە پرۆفیسۆریکیتر ناوی (لۆرانس ئیس کۆلب)ە گەیشتە دۆزینەوەی جۆرە شەپۆلیك لە کەسانی دینداردا هەیە، خۆیبە ئیرادەی خـۆی دروسـتیئەکات ئـەتوانی بـەرگری بکـات، بەحالـەتی خشوعەکەی واتـە: لـیرەدا خشـوع بونیادیکی یاخوود تەفسیریکی ماددی هەیە، قسەیەکی وەهمیو خەیالاوی نییە.

ئەم بەشەی کەئیستا باسمان کرد لە حکمەتولەهـەندی سـوودی نویـژ ئەمەنابیتـە مەبەسـتیك بۆمان ئیمە نویژبکـەین بـۆ ئـەوەی کولیسـترۆلمان دابـەزی بـۆ ئـەوەی ئەنسـۆلینمان زۆر بـیو شەکرەکەمان دابەزی، نەخیر ئەمانە ئاکامن، چونکە (العبادة تؤدى طاعة) پەرستش ئەوەیە فەرمانیکی خواییەو جیبەجی ئەکری، بەلام ئەمە ئەوە ئەسەلمینی کەئەو خالقـە (سـبحانه و تعالى) هەرچی کە فەرموویەتی کەجیبـەجیی کـەی لەبـەرژەوەندی مرۆڤدایـە، ئـەو شـەریعەتە پیرۆزەی کەخوا ناردوویەتی هەچ خالیکی کە جیبەجی ئەکری لەبەرژەوەندی مرۆڤدایـە، هـەچ بەشـیك لـەم شـەریعەتە کـە مـرۆڤ جیبـەجیی ئـەکات وەك پیویسـتە بـەرژەوەندی دنیـاو قیامەتییــەتی، لەبــەرژەوەندی لەشــییەتی، لەبــەرژەوندی رۆحیــەتی، لەبــەرژەوەندی میشـکییەتی، لەبـەرژەوەندی دەروونیـیەتی. لەبـەرژەوەندی هـەموو گۆشـەکانی ژیانیـیـەتی.
ژیانی راستەقینە وا لـەم شـەریعەتەدا، ژیـانی راسـتەقینە وا لـەو پەیوەندییـە لەگـەل خـالقدا، ژیانی راستەقینە بە نویژکردن دروست دەبی (یاأیها الذین أمنوا استجیبوا لله و للرسول اذا

دعاكم لمايحييكم)[٧] ئەی ئیماندارینە بچن بەدەم ئەو بانگەوازەی خواو پیغەمبەرەوە، ئەگەر چوون ژیانی راستەقینەتان دەست گیر ئەبیت ئەچنــەناو ژیـانی راسـتەقینەوە، لـەزەت لـەژیان ئەبینن..

(٧) الانفال / ٢٤.